## زنجیرەی پەروەردەیی

(6)

# هامشۆکردنی مزگەوتو نوێژی جەماعەت



### لەرێی خودا دەبەخشرێو نافرۆشرێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشکەشە

1-بـەو کەسـانەی گـوێ لـە هـەموو وتەیـەك دەگـرن و شـوێن چاکەکانی دەکەون.

2-بەو دایك و باوکانەی بە تەنگ رۆڵەکانیانەوەن.

3-بەو موسڵمانە بەورانەی بونەتە چراو چوار دەوری خۆیان رووناك دەکەنەوە.

Kurd1425@yahoo.com



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

# بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و درودو سلاو بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری پێشەوا محمد ( صلی الله علیە وسلم ) وە بۆ سەرگیانی هاوەڵ و شوێن کەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.**

**خوێنەری بەڕێز /**

ئەم نامیلکە بچکۆلەیە کە لە بەردەستتدایە چەند باس و بابەتێکی لە خۆ گرتووە کە باسی زەرورەتی نوێژی بە کۆمەڵ دەکات و بانگەوازێکی دڵسۆزانەیە بۆ ئەو موسوڵمانانەی کە خۆیان بە ماڵی دونیاوە خەریک کردووە و لە کاتی بیستنی بانگدا پەنجەیان دەخەنە ناو کونە گوێیانەوە بۆ ئەوەی کە گوێ بیستی بانگەکە نەبن. وە ئاگادار کردنەوەیە بۆ ئەو کەسانەی هەڵگری یەکێك لە ڕەوشتەکانی دوو ڕووەکانن و بە خۆیان نازانن یان خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن و (ئیبلیس)یان کردووە بە مامۆستای خۆیان بۆ ئەوەی پێش مردنیان بگەڕێنەوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

بۆ لای پەروەردگار ولە تاوانەکانیان پەشیمان ببنەوە و ڕێگەی مزگەوت بکەن بە ڕێڕەوی ژیانیان.

وە ڕاست کردنەوەی هەڵەی ئەو موسڵمانانەیە کە تەنها ئەوەندە لە مزگەوت تێگەیشتوون کە بۆ مردوو شۆردن وپرسە دانان بەکار دێت وەوەك هەر شوێنێکی گشتی تر سەیری دەکەن، یان وا دەزانن تەنها بۆ ئەوە کراوە کە لە ساڵێك دا تەنها مانگێك خواپەرستی تیا بکرێت کە ئەویش مانگی ڕەمەزانە یان هەفتەی جارێك نوێژی تیا بکرێت کە ڕۆژانی هەینی یە بۆ نوێژی هەینی .

وە هۆکاری نوسینی ئەم بابەتە بینینی مزگەوتەکانە بە چۆڵی کە هەندێك جار لە نوێژەکاندا ژمارەی نوێژ خوێنان لەپەنجەکانی دەست تێ ناپەڕێت بە تایبەتی نوێژی بەیانیان . وە وای لێهاتووە شەرمە ئەگەر گەنجێك هاتوو چۆی مزگەوت بکات وەك بڵێی مزگەوت خەڵوەتگەی پیری یە و تەنها بۆ کە سانی بەتەمەن کراوە بە هیوای ڕاست کردنەوەی هەموو ئەو هەڵانە لە ناخ و بۆچونەکانماندا .

وە داواکارین لە خوای بەبەزەیی کە کارەکەمان جێی خۆی گرتبێت و ببێتە مایەی ڕەزامەندی خوا و سوود مەندی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

موسوڵمانان لێی وه هیوا دارین له هەموو لایەك لە دوعای خێر بێ بەشمان نەکەن .

## یەکەم/ حوکمی نوێژی بەکۆمەڵ :

ڕاوبۆچونی جیاوازهەیە لەنێوان زانایاندا سەبارەت بەحوکمی نوێژی بەکۆمەڵ وەبەشێوەیەکی گشتی سێ ڕایان زۆر باون :

1-دەڵێن سوننەتی داکۆکی لێ کراوە (سنة مؤكدة) واتە بەکردنی پاداشتمان دەست دەکەوێت بەڵام بەنەکردنی تاوانبار نابین کە ئەمەش ڕای زۆربەی زانایانە وەلەنێویشیاندا حەنەفیەکان و مالکی یەکان و بەشێك لەشافعی یەکان وە سید سابق لەکتێبی(فقه السنة)دا ئەم ڕایەی لاپەسەندە.

2-دەڵێن فەرزی کیفایەیە واتە ئەگەر چەند کەسێك لەو ناوچەیە یان ئەو مزگەوتە پێی هەستن تاوانی لەسەر ئەوانی تریش لا دەچێت بەڵام ئەگەر کەس پێی هەڵنەساو نوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوتەکاندا نەکرا ئەواخەڵکی ئەو ناوچەیەو دەوروبەری ئەو مزگەوتە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

هـەموو پـێ ی تاوانبـار دەبـن ئەمـەش ڕای بەشـێك لـە شـافعی یـەكان و ئیمـامی نـەوەوی و ابـن سـریج و ابـن اسحاقە و مامۆستا علی باپیریش ئەم ڕایـەی لا پەسـەندە لەكتێبی مسولمانی كاملدا .

3-فــەرزی عەینــە واتــە پێویــستە هــەموو پیــاوێكی موسـولمانی ئـاقلی بالغ لەسـەری پێویـستە بـچێت وهـەر پێـنج فـەرزی نوێـژەكان بەكۆمـەڵ بكـات مەگەربـەعوزر ئەگەرنا تاوانبارە ئەمەش ڕای اوزاعی و احمد و ابو ثـور و ابــن المنــذرە و عبــد العظــیم بــن بــدویش لــەكتێبی الــوجیزفي فقــە الــسنة والكتــاب العزیــزدا ئــەم ڕایــەی لا پەسەندە .

تێبینـی / هـەركام لەوانـەی كـەدەڵێن فـەرزی عـەین یـان فەرزی كـیفا یەیـە بەمـەرجی بەركـەوتن (صـحە) ی دانـانێن واتـەناڵێن ئەگـەرنوێـژی فـەرز بەكـۆمـەڵ نـەكرێت دروسـت نییە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

تەنها (داود الظاهري) نەبێ کەدەڵێن بەکۆمەڵ نەکرێت نوێژی فەرز دروست نی یە شیاوی باسە هەریەك لەوانە بەڵگە بۆ بۆچونەکانی خۆیان دەهێننەوە.

1-ئەوانەی کە دەڵێن سوننەتە دەڵێن لەگو فتارو کرداری پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) باسی لێ کراوە وە ئەوە وەردەگرن لەو دەقانەی باسی نوێژی بەکۆمەڵ دەکات کەسوننەتە پاشترهەندێك لەدەقەکان باس لێ دەکەین.

2-ئەوانەی کەدەڵێن فەرزی کیفایەچەند فەرموودەیەك بەبەڵگە دێننەوەلەوانە {ابو دەرداء دەفەرموێت بیستم لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەیفەرموو: (هەر سێکەسێ لەئاوەدانیدا بن یان لەدەشتدا ونوێژ بەرپا نەکرێت لە نێویاندا- واتە بەکۆمەڵ - ئەوە بێگومان شەیتان دەیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە جاکۆمەڵ بگرن چونکە گورگ تەنیا مەڕی ئاوەکی ولەڕان دابڕاو دەخوات) رواه ابو داود باسناد حسن .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

وە دەڵێن کەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سوپای بەڕێ کرد بۆ غەزا پێی دەفەرموون لەدوورەوە گوێ بگرن ئەگەر گوێتان لەبانگ بوو ئەوا وازیان لێ بهێنن چونکە موسوڵمانانن

3–ئەوانەی کەدەڵێن فەرزی عینە چەند دەقێك بەبەڵگە دەهێننەوە لەوانە :

## أ–لەقورئاندا :

خوای گەورە دەفەرموێ (وأقيموا الصلاة وآتوا الزكاة واركعوا مع الراكعين)البقرة 43،

واتە: نوێژ بکەن و زەکاتی ماڵە کانتان دەربکەن و لەگەڵ کڕنوش بەراندا کڕنوش بەرن دەبینن خوای گەورەدەفەرموێ (واركعوامع الراكعين) ئەگەر مەبەست پێی تەنها نوێژ بەرپا کردن بوایە ئەوا هەرسەرەتای ئایەتەکە بەس بوو کەدەفەرموێ نوێژ بەرپا بکەن بۆیە پێویستی بەمە نەدەکرد بەڵام هەڵبەتەپێویستەبەکۆمەڵیش بکرێت .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

وه خـوای گـەورە دەفـەرموێ (واذا كنـت فـيهم فاقمـت لهـم الصلاة فلتقم طائفة منهم معك) النساء 102

واتە: (ئەگەر لە جەنگێکدا تۆیان لە گەڵدا بویت و نوێـژت بۆ کـردن بـا کۆمـەڵێکیان لـە گەڵـتـدا نوێـژ بکـەن و پـاشـان کۆمــەڵێکی تریــشیان بــێن جــا ئەگــەر لــەکاتی شــەڕدا ئاوهاجەخت لەسەر نوێژی بەکۆمەڵ بکرێت ئەی لەکاتی ئاسیی دا دەبێت چۆن بێت).

وەخــوای گــەورە دەفــەرموێت (یــوم یکــشف عــن ســاق ویــدعون الى الــسجود فــلا یــستطیعون خاشـعة ابـصارهم تــرهقهم ذلــة وقــد کانوایــدعون الى الــسجود وهــم سالمون).القلم 42–43

واتــە / کۆمــەڵێك هــەن لەقیامەتــدا داوایــان لێ دەکرێــت کەسوجدەبەرن بـۆ خـوای گـەورە بـەڵام نـاتوانن چـاویان داخستووە و سـەر شـۆڕ و زەلـیلن چـونکە لـەدنیادا بـانگ دەکــران بــۆ ســوجدەو لــەش ســاغیش بــوون نــەدەهاتن سـەعدی کـوڕی موسـەیب دەفـەرموێت :گوێیـان لـە (حـي



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

علــى الــصلاة وحــي علــى الفــلاح) دەبــوو وەڵاميــان نەدەدايەوە لەكاتێكدا لەشيان ساغ بوو.

كعب الاحبـار دەفـەرموێت: (سـوێند بـەخوا ئـەم ئايەتـە تەنها لەبارەی ئەوكەسانەوە هاتە خوارەوە كە لـە نوێـژی بە كۆمەڵ دوا دەكەوتن).

## ب-لەسوننەتدا :

ئـەبو هـورەيرە دەفـەرموێ :پێغەمبـەر(صـلى اللـه عليـە وسـلم) فـەرموی :(سـوێند بـەو كەسـەی كـەگيانی منـی بەدەستە خەريك بوو فەرمان بدەم نوێـژ بكرێـت وپياوێك لەجێی خۆم دابنێم پـێش نوێـژی بكـات و خۆشم لەگـەڵ كۆمەڵێكدا دەرچم كەكۆڵەكە داريان پێ بێت وبچم بۆ ئـەو پياوانــەی كەنايــەن بــۆ نوێــژی بەكۆمــەڵ ماڵــەكانيان بەسەردا بسوتێنم). متفق عليە.

وە ئـەبوهورەيرە دەفـەرموێ پيـاوێكی كوێر هـات بـۆ لای پێغەمبـەر (صـلى اللّه عليـە وسـلم) وەوتـی كـەس نـی يـە دەستم بگرێت وبمهێنێت بۆ مزگـەوت ئايا ڕێـم دەدەيـت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

کـە لەماڵـەوە نوێـژ بکـەم؟ پێغەمبـەر (صـلى اللـە عليـە وسـلم) ڕێی دا بـەڵام کـە ڕۆیـشت بـانگی کـردەوەو فـەرمووی گوێـت لەبانگـە ؟ وتـی بـەڵێ ، فـەرموی: دەی وەڵام بـدەرەوە – واتـە وەرە بـۆ مزگـەوت – رواە مـسلم، جائەگـەر پیـاوێکی کـوێر ڕێگـە نـەدرابێت لەماڵـەوە نوێـژ بکائەی بۆ خەڵکی تر چۆن ڕێگە دەدرێت.

وەئـبن عبـاس دەفـەرموێ: پێغەمبـەر (صـلى اللـە عليـە وسلم) فەرمووی :( هەرکەسێك گوێی لـەبانگ بـوو هـیچ عــوزرێکی نــەبوو بۆچــون بــەدەم بانگەکــەوە نەچــوو لەماڵـەوە نوێـژی کـرد یـان دوایـی نوێـژی کـرد ئـەوا ئـەو نوێـژەی لـێ وەرنـاگیرێ مەگـەر عـوزری هـەبێ، وتیـان : عوزر چی یە؟ : فـەرمووی: تـرس یـا نەخۆشـی ),رواە ابـو داود وابن ماجة وابن حبان فی صحیحە.

## ج-ووتـەی هاوەڵان:

علـی کـوڕی ئـەبوطالـب دەفـەرموێ (نوێـژی دراوسـێی مزگەوت دروست نی یە ئەگەرلە مزگەوتدا نەیکات ،وتیان:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

دراوسـێی مزگـەت کێیـە ؟ فـەرمووی: ئـەوەی کـەگوێی لەبانگ دەبێت.   رواه احمد فی مسنده

ئـەبوو هـورەیرە دەفـەرموێ : ئەگـەرگوێی مـرۆڤ بـە قـور قـوشمی تـواوە بئاخنرێـت باشـترە بـۆی لـەوەی کـەگوێی لەبانگ بێت و وەڵام نەداتەوە.

جاڕەنگـە خوێنــەری بــەڕێز واتێبگـات ئێمــە ڕای ســێیەم (واتە ئەوەی کە دەڵێ فەرزی عەینە) پەسەند دەکەین بۆیـە وابـەدوورو درێـژی بەڵگـە کانیمـان هێنـاوە بـەڵام ئێمـە لـەو ئاستەدا نیین ڕایـەك پەسـەند بکـەین بەسـەر ڕایـەکی تـردا ئەوەندە هەیە ئەو بەڵگانەمان بۆ ئەوە هێنـا خـەڵکی نوێـژی بەکۆمەڵ بەکەم نـەزانن وبەسوك سـەیری نەکـەن چونکە بـە ڕاسـتی کــەم تەرخــەمی زۆر دەکرێــت ومزگەوتــەکان زۆر چۆڵیان پێوە دیارە .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

## دووەم/ گەورەیی نوێژی بەکۆمەڵ:

فەرمووده زۆره سەبارەت بە گەورەیی وفەزڵی. نوێژی بەکۆمەڵ و چوون بۆ مزگەوت ئێمە هەندێکیان باس دەکەین:

1–عبد الله ی کو ڕی عمر دەفەرموێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموی: (نوێژی بەکۆمەڵ چاك تره لەنوێژی تاك بەبیست وحەوت پله) رواه البخاري و مسلم.

2–ابو هورەیره دەفەرموێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموی : (نوێژی موسوڵمان بەکۆمەڵ بێت بیست وپێنج ئەوەنده خێری هەیه وەك لەوەی لەماڵ یان له بازاڕ بیکات، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەگەر دەست نوێژێکی باشی گرت و هاته دەرەوه تەنها بۆ نوێژ بێته دەرەوه هەر هەنگاوێك دەنێت پلەیەك پێ ی بەرز دەبێتەوه تاوانێکی لێ هەڵ دەوەرێت وەبەردەوام فریشته سەلاواتی لەسەر دەدەن تا لەشوێنی نوێژەکەیدا بمێنێتەوه ودەڵێن: خوایه سەلاواتی لەسەربده خوایه ڕەحمی پێ بکه، وه هەرکەسێك چاوەڕێی نوێژ بکات



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

ئەوا بەردەوام خێری نوێژەکەی بۆ دەنوسرێت) .متفق علیه

3-پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) دەفەرموێ:
(هەرکەسێك نوێژی خەوتنان بەکۆمەڵ بکات ئەوا وەك ئەوە وایە نیوەی ئەو شەوە شەو نوێژی کردبێت، وەهەر کەسێك نوێژی بەیانی بەکۆمەڵ بکات وەك ئەوە وایە ئەو شەوە هەمووی شەو نوێژی کردبێت) رواه احمد وسلم وابو داودوالبیهقی

4-ابو هورەیرە دەفەرموێت پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) دەفەرموێ (هەر کەسێك بەیانیان وئێواران بچێت بۆ مزگەوت ئەوا خوای گەورە شوێنی خۆی لەبەهەشتدا بۆ ئامادەدەکات هەرکاتێك دەڕوات و دێت) متفق علیه

5-خوای گەورە دەفەرموێت : (انما یعمر مساجد اللة من آمن باللة والیوم الاخر) التوبة 18

واتە: تەنها ئەو کەسانە ماڵەکانی خواومزگەوتەکان ئاوەدان دەکەنەوە کەباوەڕیان بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیە، وە دیارە کەئاوەدان کردنەوە بریتی نی یە لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

دروســـت كردنـــى بەتـــەنها چـــونكە ئەگـــەر نوێـــژو خـــوا پەرستى تيا نەكرێت ئەوا لەگەڵ هەر خانوويەكى تردا جياوازى نى يە .

6–ابو هورەيرە دەفەرموێت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموى: (هەركەسێك لەماڵى خۆيدا خۆى پاك بكاتەوە – دەست نوێژ بگرێت – پاشان چوو بۆ يەكێك لە ماڵەكانى خوا بۆ بەجێهێنانى يەكێك لە فەرزەكانى خوا– نوێژ– ئەوا هەنگاوەكانى بەيە كێكيان تاوانێكى لێ هەڵدەوەرێت و بەوى تريان پلەيەك بەرز دەبێتەوە) رواه مسلم.

7–ابو سعيد دەفەرموێ : پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموى : (ئەگەرديتان كەسێك خووى بەمزگەوتەوە گرت بوو شاهيدى ئيماندارى بۆ بدە) خواى گەورە دەفەرموێت : (انما يعمر مساجد الله من امن بالله واليوم الاخر) رواه احمد وابن ماجه وابن خزيمه وابن حبان والترمزى وحسنه والحاكم وصححه.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

8–ابو هورەیرە دەفەرموێ : پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) فەرموی : ئایا ڕێ نیشاندەریتان بکەم بۆ ئەوەی بەهۆیەوە خوای گەورە تاوانەکان دەسرێتەوە و پلەی پێ بەرز دەکاتەوە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیە وسلم) فەرموی : (دەست نوێژ گرتن بە تەواوی لەکاتی ناڕەحەتیدا، زۆر هەنگاو نان بۆ مزگەوتەکان وە چاوەڕێکردنی نوێژ لەدوای نوێژ ئەوە سەنگەر گرتنە ئەوە سەنگەرگرتنە ئەوە سەنگەر گرتنە) رواه مالك ومسلم والترمذی والنسائی.

9–ابو دەرداء دەگێڕێتەوە لەپێغەمبەرەوە (صلى الله علیە وسلم) فەرموی: مزگەوتماڵی هەموو لە خوا ترسێکە (تقی) وە خوای گەورە گرنتی کردووە بە پشودان و ڕەحمەتو پەرینەوە لەپردی سیراط بۆ بەهەشت بۆ ئەوکەسەی مزگەوت دەکات بەماڵی خۆی) رواه الطبرانی والبزار بسند صحیح.

10–ابو امامە دەفەرموێ پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) فەرموی:( خوای گەورە و فریشتەکانی سەلاوات



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

دەدەن لـە سـەر ڕیـزی یەکـەم –لـە نوێـژی بـە کۆمەڵـدا –
وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەی ڕیزی دووەم؟ فەرموی:
خـــوای گـــەورەو فریـــشتەکانی ســـەلاَوات دەدەن لەســـەر
ڕیـزی یەکـەم وتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئـەی ڕیـزی
دووەم؟ فـەرمووی:وە لەسـەر ڕیـزی  دووەم). رواه احمـد
والطبراني بسند صحيح.
11–عائـشە دەگێڕێتـەوە لەپێغەمبـەرەوە (صـلى الله عليـه
وسلم) فەرموی: (خـوای گـەورەو فریـشتەکانی سـەلاَوات
دەدەن لەسـەر ئـەو کەسـانەی لـەلای ڕاسـتی ڕیزەکانـەوە
نوێژ دەکەن) رواهابو داود وابن ماجه.
12–ابو هورەیرە دەفەرمویێت پێغەمبـەر (صـلى اللـه عليـه
وسلم) فەرموی: (ئەگەر خەڵکی بیانزانیایە بانگ و ڕیـزی
یەکەمی نوێژی بەکۆمەڵ چەندە خێری گەورەی تێدایـەو
پاشـان بـەتیر  وپـشك نـەبێت بـەریان ناکـەوێت ئـەوا تـیرو
پـــشکیان بـــۆدەکرد ،وەئەگـــەر بیـــان زانیایـــە زوو هـــاتن
بۆنوێـــژی نیـــوەڕۆ چـــەند خێـــرە ئـــەوا پێـــشبڕکێیان بـــۆ
دەکـرد، وەئەگـەر گـەورەیی‌و خێـری نوێـژی خـەوتنان‌و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

بەيانيان بزانيايە بە كۆمەڵ ئەوادەهاتن ئەگەر لە سەر چوار چنگۆڵەش بوايە) رواه البخاري.

13–ابو موسى دەفەرموێ: پێغەمبەر (صلى اللە عليە وسلم) فەرموی: (گەورترين پاداشت لەنوێژدا – بەكۆمەڵ–بۆئەو كەسەيە كەدورترين ڕێگە دەبڕێت) رواه مسلم.

14– كەعبی كوڕی عجرە دەفەرموێ : پێغەمبەر (صلى اللە عليە وسلم) فەرموی: (ئەگەر يەكێك لەئێوە دەست نوێژێكی باشی گرت و پاشان بەنيازی مزگەوت هاتە دەرەوە باپەنجەكانی نەخاتە ناويەكەوە – التشبك – چونكە ئەو لەونوێژەدايە) رواه الترمذي وابو داود.

15– ئەبو هورەيرە دەفەرموێپێغەمبەر (صلى اللّٰه عليە وسلم) دەفەرموێت:(حەوت كۆمەڵ هەن لە ڕۆژی دوايی دا لە ژێر سێبەری خوای گەورەدا حەشر دەكرێن لەو ڕۆژەدا كە هيچ سێبەرێك نی يە سێبەری ئەو نەبێت..........پياوێك دڵی وابەستەی مزگەوت بێت........)متفق عليە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

16– بریده دەفەرمویٚ پیٚغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی : (مژده بدەن بەوانەی لە تاریکیدا دەڕۆن بۆ مزگەوت بەڕۆشنایی تەواو لە ڕۆژی قیامەتدا) رواة ابو داود والترمذي.

ئەمە کۆمەڵێك لەو دەقانەی باسی گەورەیی و خێرو بەرەکەتی نوێژی بە کۆمەڵ و هاتوو چۆی مزگەوت دەکات وەدەقی تر زۆرە لەو بارەیەوە بەڵام ئێمە تەنها ئەوەندەمان هێناوە، وە ئەو خاڵانەی لەم دەقانەو دەقەکانی تریشەوە وەردەگیرێت بە کورتی سودی نوێژی بەکۆمەڵ و هاتووچۆی مزگەوت ئەمانەن:

1–نوێژی بەکۆمەڵ بیست و حەوت پلە خێری هەیە بەسەر نوێژی تاکەکەسدا.

2–نوێژی بە کۆمەڵ بە قەد بیست و پێنج نوێژی تاکەکەس خێری هەیە یان کەلە ماڵەوە بیکات.

3–ئەگەر بەدەست نوێژەوە بچیت بۆ مزگەوت هەر هەنگاوێك دەنێیت پلەیەك لای خوای گەورە پێی بەرزدەبیتەوە و تاوانێکت لیٚ هەڵدەوەریٚت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

4–دوای ئەوەی لە نوێژی بەکۆمەڵ دەبیتەوە چەندێك لەشوێنی نوێژەکەدا بمێنیتەوە فریشتە دوعای خێرت بۆ دەکەن .

5–پێش نوێژ ئەگەر زوو بچیت وچاوەڕوانی دابەستنی نوێژبکەیت چەندێك چاوەڕوانی نوێژ دابەستن بیت ئەواوەك ئەوە وایە لەنوێژ دابیت ئەوەندە خێرت بۆ دەنوسرێت.

6–نوێژی خەوتنان وبەیانی بەکۆمەڵ بکەیت جگە لە خێری نوێژە بە کۆمەڵەکە خێری شەو نوێژیشت بۆ دەنوسرێت.

7–بەهاتوچۆی مزگەوت خوای گەورە چەند پلەو شوێنت بۆ ئامادە دەکات ودەیڕازێنێتەوە لەبەهەشتدا.

8–چون بۆ مزگەوت دەبێتە هۆی هەڵوەرینی تاوان وبەرز بوونەوەی پلەی بەندە لای خوای پەروەردگار.

9–لە کوفرو دووڕوویی پارێزراودەبیت چونکەپێغەمبەر (صلی اللهعلیەوسلم) دەفەرموی:شایەتی ئیمانی بۆ بدەن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

10بەڵگەی باوەڕبوونە بەخواو ڕۆژی دوایی.

11–خـوای گـەورە گرنتـی بەهەشـتت دەداتـێ بـەهاتو چۆکردنی مزگەوتەکان وئاوەدان کردنەوەیان وەلـەپردی سیراط یارمەتی پەڕینەوەت دەدات.

12– دەچیتە ڕیزی پارێزکارانەوە (متقين).

13–زوو بـچیتەمزگەوت وڕیـزی یەکـەم ولای ڕاسـتت بەردەکـەوێ کەبەهۆیانـەوە خـوای گەورەوفریـشتەکانی سەڵاواتت لەسەردەدەن.

14–تاڕێگەی دوورتر ببڕیت خێرت زیاتر بۆ دەنوسرێت وەهەنگاوی زیاتر دەنێیت کە بەهۆیەوەتاوانی زیاترت لێ هەڵـدەوەرێت وپلـەت زیـاتر لای خـوای گـەورە بـەرز دەبێتەوە .

15–لەوکاتـەوە لـەماڵ دێیتـە دەرەوە خێـری نوێـژت بۆدەنوسرێت و وەك ئەوە وایە لەنوێژدا بیت.

16–بـەهۆی پابەنـدبوون بـە مزگەوتـەوە دەبیتـە یـەکێك لەوانەی لەقیامەتدالەژێرسێبەری خوای گەورەدا حەشر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

دەكرێیت كەلەو ڕۆژە داهیچ سێبەرێك نی یە سێبەری خوا نەبێت.

17–تاقی كرنەوەی بەندەكانە تابزانرێت كێ گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خواو پێغەمبەر دەكات و كێ پشتیان تێ دەكات.

18–یەكتر ناسینی موسڵمانانە تاوەك یەك لاشەبن و وەك بینایەك بن یەكتری بەهێز بكەن وەئەو كەسەی كەلەمزگەوتدانوێژ نەكات خەڵكی گەڕەكەكە نایناسن مەگەر یەكێك بەهۆی ئیش وكاری دنیایی یەوە بیناسێت كەئەویش پشتی پێنابەسترێت .

19– فێركردنی نەزان وبەئاگاهێنانەوەی بێ ئاگاچونكە نەزان كەسی شارەزاو زانا دەبینێت وچاوی لێ دەكات بێ ئاگاش گوێی لەئامۆژگاری دەبێت و بە ئاگا دێت.

20–ئەوخشوعەی كەنوێژخوێن لەنوێژی بەكۆمەڵدا هەستی پێ دەكات وەئەو سودەی لەنوێژەكەی دەیكات ئەوكەسە هەستی پێ ناكات كەلەماڵەوە نوێژ دەكات یان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

بەتەنیا نوێژ دەکات بەڵکو نوێژەکەلەسەری گران دەبێت ودوای دەخات وەپاشان نوێژە دەنوکە دەکات.

21–رق هەستان و ترساندنی دوژمنانی خوا بەتایبەتی (ئیبلیس) وسەربا زەکانی لە جنۆکەو مرۆڤ, ئەوانەی کە زۆر پەســـت دەبـــن کاتێـــك موســـوڵمانان بەگـــشتی و گەنجەکان بەتایبەتی روودەکەنە مزگەوت.

22–لەکاتی چون بۆ مزگەوتدا جوڵەی زۆر دەکەی کە وەرزشی لەشە بە تایبەتی ئەگەر مزگەوتەکە دوور بێت بەپێـــچەوانەی نوێـــژکردن لەماڵەوەوئەوتەمبـــەڵی یـــەی کەبەهۆیـــەوە توشـــی مـــرۆڤ دەبێـــت ئەمـــەش تـــا قـــی کراوەتەوە.

ئەمە بە کورتی هەندێك لە بەڵگەکان لە سەر گەورەیی و خێری نوێژی بە کۆمەڵ و هاتو چۆ کردنی مزگەوت و ئەو سودانەی لێ ی وەردەگیرێت هەڵبەتە زۆر لەوەش زیاترە بەلاَم ئێمە بەمەندە کۆتایی پێ دێنین.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

## سێ یەم/ هۆكارە شەرعیە كان كەڕێگە دەدەن بەئامادە نەبوون لەنوێژی بەكۆمەڵدا :

نوێژی بەكۆمەڵ چ بەفەرزی عەینی یان بەفەرزی كیفایەدابنرێ وەچ بەسوننەت دابنرێ بەپێی قسەكانی پێغەمبەر (صلى اللەعلیەوسلم) لەچەند حاڵەتێكدا بابای نوێژ خوێن مۆڵەتی پێ دراوە كەنەیكات و نوێژەكەی بەتەنیا بكات ئەو حاڵەتانەش:

1-لەكاتی سەرماو باران وقوڕو چڵپاوو بای توندو تاریكی وگەرمای زۆردا،

عبداللە كوڕی عمر دەگێڕێتەوە كەپێغەمبەر (صلى اللەعلیەوسلم) فەرمانی بەبانگ بێژدەكردكەبانگی نوێژبدات وبانگ بكات وبڵێ:لەمەنزەڵەكانی خۆتان - لەشەوی باراناوی وسەفەردا-نوێژبكەن) رواه الشیخان .

(جارێكیان عبداللە كوڕی عباس خوالێیان ڕازی بێت لەڕۆژێكی باراناوی دا بەبانگ بێژەكەی خۆی وت: ئەگەر گوتت: (اشهد ان محمدا رسول اللە) مەڵێ (حی علی الصلاە) بەڵكو بڵێ: (صلوا فی بیوتكم) واتە: لە ماڵەكانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

خۆتاندا نوێژ بکەن، ئنجا وەك بلّێی خەڵکی ئەوەیان پێ شتێکی سەیرو نامۆ بوو بۆیە گوتی: ئایا ئەوەتان پێسەیرە؟ کەسێك ئەوەی کردووە کە لە من چاکترە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) بێگومان نوێژی بە کۆمەڵ کارێکی گەورەیە بەلاّم من حەزم نەکرد کە بتانهێمە دەرێ و بە قوڕو چڵپاودا بڕۆن) رواه البخاری ومسلم.

2–لەکاتی نەخۆشیدا یان هەبوونی مەترسی گیان و سامان: خوای گەورە دەفەرموێت (وما جعل علیکم فی الدین من حرج). الحج 78

واتە: وەلە ئایندا سەغڵ تکردنتان لە سەر دانەنراوە. وە پێغەمبەریش (صلی اللّٰه علیه وسلم) فەرمویەتی: هەرکەسێك بانگی بیست و بەدەمیەوە نەچوو نوێژەکەی وەرناگیرێ مەگەر عوزری هەبێت, گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا عوزرەکەی چیە؟ فەرموی: ترسان یان نەخۆشی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

3–لـەکاتی نـان خواردنـدا کـەئامادە کرابـێ وچـاوی لەدووی بێ یان برسی بێت: پێغەمبەر (صلیالله علیه وسلم) لەوبارەیەوە فەرموویەتی: (هـەرکات یـەکێکتان لەسـەرنان خـواردن بووئەگەرنوێژەکـەش دەسـت پێکرابووباهەتاپێویـستی خـۆی لێ جێبـەجێدەکات پەلەنەکا) رواه البخاري.

4–لـەکاتی خـواردنی شـتێکی بـۆن ناخۆشـدا ئەگـەر نـەیتوانی بۆنەکـەی لا بـەرێ: پێغەمبـەر (صـلی اللهعلیەوسـلم) فەرمویـەتی: (هەرکەسـێ سـیرو پیـازی خـوارد بـا کـەنارمان لێ بگریـت، وەبالەمزگەوتەکـەمان دووربێولەماڵی خۆی دابنیشێ) متفق علیه.

5– لەحاڵـەتی تەنگاویـدا: چـونکە پێغەمبـەر (صـلی اللهعلیـە وسلم) فەرمویـەتی: (نوێـژ نابێبکرێـت لـەکاتی ئامـادەبونی خواردنـدایان لـەکاتی تـەنگاوی دا بـەهۆی میزوپیسایی یەوە} رواه احمد ومسلم وابوداود.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

6–وه ابـو درداء دەفـەرموێت:لەشـارەزای وتێگەیـشتنی پیاوئەوەیـــە کـــەکارو پێویـــستی خـــۆی ڕاپـــەڕێنێ تاکوبەدڵێکی خاڵی وئامادەوە ڕووبکاتە نوێژەکەی .

تێبینـی/پێویـستە بـرای نوێـژ خـوێن ئاگـاداری ئـەوەبێت کەنەیکاتـەخوو هەرلـەکاتی نوێژەکانـدا سـفرە ڕانجـاو خـواردنی بۆئامـادە بکرێـت وبیکاتـە بیـانووی نـەهاتن بۆمزگەوت بەڵکو ئەوەجارجارە ئەگەرواڕێکەوت یان میـوان هەبوو .

وەنەشـــکرێت بەخووهـــەرکاتی نوێـــژەکان نزیـــك بووەوەبـچێت سـیریان پیـازبخوات بۆئـەوەی نەیـەت بۆمزگـەوت بۆیـەپێم خـۆش بووئـەو تێبینیانـە بدەمـە برایانی خۆم تابەرچاوڕوون بن لەکارەکانیاندا .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

## چــوارەم /بۆچـــی خــەڵك لەنوێــژی بەكۆمــەڵ دوادەكەوێت ؟

ئەوكەســانەی كەلەنوێــژی بەكۆمــەڵ دوا دەكـــەون كۆمـەڵێك بـە هانـە بۆ خۆیـان دەهێننـەوە تـا قەناعـەت بـە بەرامبــەر یــان بكــەن كــە نــەهاتنی ئــەمان بــۆ مزگــەوت كـارێكی خراپـە نیـەو هـیچ نـا شـەرعیەكی تیـانی یەلـەو هۆكارانەش:

1-خەریكبون بە پەیداكردنی بژێوی:

دەڵــێن ئێمــە خــەریكی پەیــداكردنی بــژێوین بــۆ مــاڵ و منداڵ خۆئەویش هـەر عیبادەتـە لـە كـاتی بانگدا بۆ مـان ناكرێت دوكان و شوێنی كـار بـەجێبهێڵین وە دەیانـەوێت تـۆ قەناعـەت پـێ بكـەن كەئیـشەكەی ئـەوان باشـترە لـە هاتوچۆی مزگەوت و نوێژی بە كۆمەڵ.

بۆوەڵامی ئەمانە دەڵێین مزگەوتـەكان باشـترین وچاكترین پارچـــە زەویـــن لەســـەر زەوی دا وەك ئـــەبو هریـــرە دەفـەرموێت پێغەمبـەر صـلى الله علیـە وسـلم فـەرموی: (خۆشەویـــست تـــرین شـــوین لای خـــوای گـــەورە لـــە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

ولآتەکانــدا مزگەوتەکانــە، وەقێــزەون تــرین شــوێن لــە ولآتەکانــدا لای خــوای گــەورە بازاڕەکانــە) رواه مــسلم، وئــاوەدان کردنـــەوەیان بەنوێـــژکردن وزیکرکردنتیایـــدا گـــەورەترین هۆکـــارەبۆ زیـــادبوونی ڕۆزی نـــەك نـــەمانی خـوای گـەورە دەفـەرموێت : (رجـال لا تلـهیهم تجـارة ولا بیع عن ذکرالله واقام الـصلاة وایتـاء الزکاة یخـافون یوماً تتقلـب فیـه القلـوب والابـصار لیجـزیهم احـسن مـاعملوا ویزیـدهم مـن فـضله والله یـرزق مـن یـشاء بغـیر حـساب) النور37 – 38.

واتـــە: (پیاوانێـــك هـــەن کـــەبازرگانی وکـــڕین وفرۆشـــتن بێئاگایـــان ناکـــات لـــەیادی خـــواو نوێژبـــەرپاکردن و دەرکردنی زەکاتی ماڵـەکانیان ، دەترسـن لـەڕۆژێك کـەدڵ وچـاو تیایـدا ئەبڵـەق دەبێـت ،خـوای گەورەپاداشـتی کارەچـاکەکانیان دەداتـەوە لەفـەزڵی خـۆی بۆیـان زیـاد دەکات – ڕزق وڕۆزی – وەخـوای گـەورە ویـستی هـەبێت ڕزقی هەرکەسێك دەدات بەبێ ژماردن}پاش وردبوونـەوە دەبیـنین خـوای گـەورە لـەکۆتای ئایەتەکانـدا دەفـەرموێت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

خـوای گــەورە لەفــەزڵ ومیهرەبـانی خۆیــەوە پاداشــتی کردەوەکـــــــــــــان بـــــــــــــەزیادەوە دەداتــەوە ڕۆژی ئەوکەسەشــی کەبیــەوێت دەیــدا بــەبێ ژمـاردن ،بــەڵام دوای ئــەوەی کەفــەرمووی لەســەرەتاوە: پیاوانێــك هــەن کــەبازرگانی وکــڕین وفرۆشــتن لــەیادی خوایان ناکات ، چونکەڕۆزی هـەمووی بەدەستی خوای گەرورەیەدەیدات بەکەسێك کەبیەوێت ونایدات بەکەسێك کەنەیەوێت،ئـــــەوەی ئەونەیـــــدات نادرێت،وەئـــــەوەی ئەوبیـــدات ڕێگــری لێ ناکرێـــت. وە زۆر بەنــدە بــەهۆی تاوانێکـــەوە کـــەدەیکات ڕۆزی لێدەگیرێتـــەوە هـــەروەك پێغەمبـەر (صـلی الله علیـه وسـلم) هـەواڵی داوە وەیـان ڕۆزیەکـەی بەرەکـەتی نـامێنێ وەچ تاوانێك گـەورەترە لـە سـوکایەتی پێکردنــی فەرمانــەکان و مافــەکانی خــوای گـەورە و پـێش خـستنی فـەرمانی کەسـانی تـر بەسـەر فەرمانــەکانی پــەروەردگاردا؟!! پاشــان وردبــەرەوە لـــە فەرمودەکــەی خــوای گــەورە (رجـال لا تلــهیهم) واتــە: پیاوانێك کە هیچ شتێك لـەیادی خـوا بێ ئاگایـان ناکات



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

کەواتە هەر ئەم کۆمەڵە پیاون ئیتر کەسانی تر پیاونین یان شێوە پیاون چونکەنوێژکردن لەماڵەوە تایبەتە بە منداڵ و ئافرەت وەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خەریك بوو ماڵی هەندێك کەس بسوتێنێ بە سەریاندا بەئاگر چونکە لەمزگەوت دواکەوتبوون وەهیچ شتێك رێی لێ نەگرت لەم کارەی تەنها ئەوەندەنەبێت کە ئەوماڵانە ئافرەت ومنداڵی تیایە کەبۆیان هەیە نەیەن بۆمزگەوت

2-سیفاتێکی دووڕوەکانە :

هەندێك جارئەوانەی لەنوێژی بەکۆمەڵ دوادەکەون جابەخۆیان بزانن یان نا سیفاتێکی دووڕویان تیایە چونکە یەکێك لەئاشکرا ترین ڕەوشتی دووڕووەکان کەخوای گەورە لەقورئاندا باسی کردووە تەمبەڵی یەلەنوێژی بەکۆمەڵدا کەدەفەرموویێت : (واذا قاموا الى الصلاة قاموا كسالى يرآء ون الناس) النساء 142.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

واتـه: كاتێـك هەڵدەسـتن بـۆ نوێـژ بەتەمبـەڵی هەڵدەسـتن وڕووپامـــــاییش دەكــــەن لەبەرچــــاوی خەڵكـــــدا وەدەفــەرموێت: (ولايــأتون الــصلاة الا وهــم كــسالى) التوبة54.

واتە: نایەن بۆنوێژەكانیان بە تەمبەڵی نەبێت .

عبداللـەی كـوڕی مـسعود دەفـەرموێت:كـاتی ئێمـە كـەس دوانەدەكەوت (واتە لەنوێژی بەكۆمەڵ) تەنها دووڕوەكـان نـەبێت كەدووڕوویـەكی ئاشكراو ناسـراوبوون، ئایـاڕازی دەبیــت كــە لــە كۆمــەڵی دووڕوەكــان بیــت كەتونــدترین سزایان هەیەلەڕۆژی دواییدا ؟!

3-**بەســوك ســەیركردنی فــەرمانی خــواو لاوازی ئیمـــان:**

دواكەوتن لەنوێژ بەڵگەیەلەسەرلاوازی ئیمـان وچۆڵی دڵ لە ڕێزو ناسینی خوای گەورە ئەگەرنا چۆن دەگونجێت بـۆ موسـوڵمانێكی ڕاسـتی بـاوەڕدار گــویٚ ی لــەبانگ خـوازی خـوایی بێـت هـەموو ڕۆژێـك پێـنج جـار بـانگی دەكـات (حـی علـی الـصلاه,حـی علـی الفـلاح) و وەڵاٚم ناداتەوە و بانگخوازەكە دەڵێت (خوا گەورەیە) بەڵاٚم ئـەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

یاری کردنەکەی لاگەورەترە لە خوا, سەیرکردنی فلیم و یاری گەورەترە لە خوا,کڕین و فرۆشتنی لا گەورەترەو ئیش و کاری دنیایی لا گەورەترە لە خوا وە گوێی لە بانگەوازەکەیە کە دەڵێت: نوێژ چاکترە لەخەو بەلاَم ئەم خەوی بەلاوە چاکترە لە نوێژ. وە ئەو هەموو ئایەت و فەرمودانە دەدرێت بە گوێیدا کەباس لە گرنگی هاتوچۆی مزگەوت و خێری دنیاو دوا ڕۆژی ئەو کارە دەکات کەچی هەموو ئەمانە بە سوك سەیردەکات و گوێیپێ نادات و کەمتەرخەمی دەکات بەلاَم ئەگەر کارێکی دنیایی لە بازرگانی یان کۆڕی تاوان دەگیرێت بە هەڵپە بەرەو ڕووی دەچێت ئەمە جیاوازیەکەیە کاتێك کە ئیمان لاواز دەبێت بەرەو پیرچونی فەرمانە خواییەکانیش کەم دەبێتەوەو بەرە بەرە تا وای لێدێت کەهەرنامێنێت .بۆیە برای موسوڵمان بۆئەوەی خۆت بپا رێزی لەو تاوانە زوو ڕوو بکە مزگەوتەکان و نوێژەکانت لەوێ بکەو ماڵەکانی خوا ئاوەدان بکەرەوە.

3-**خۆبەزل زانین:**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

لەو بەربەستانەی دێنە ڕێی مرۆڤ ونایەڵن ئامادەبێت لەنوێژی بەکۆمەڵدا خۆبەزل زانینە خوا پەنامان بدات چونکە هەندێك کەس پێیان شەرمە بەتەنیشت کرێکارێك یان هەژارێکەوە بوەستن بەڵام نازانن کەپێغەمبەر (صلی اللەعلیە وسلم) دەفەرموێت (ناچێتە بەهەشتەوە کەسێك کە بە ئەندازە دەنکە گەنمێك خۆبەزل زانین لەدڵیدا بێت) رواه مسلم یان لای زۆرکەس وایە کەدەوڵەمەند بوو پێویستی بەمزگەوت نی یەتا نوێژی تیا بکات بەڵام ئێمە دەڵێین ئەی ئەوکەسەی کەلەماڵەوە نوێژ دەکەیت ونایەیتە ماڵی خواوە تۆ هەرچی چەندێك لەدنیادا بژیت هەر دەبێت بچیتە مزگەوتەوە بەزیندویی یان بەمردویی دەی هەوڵ بدە بەزیندویی و بەپێی خۆت بچیتە مزگەوت پێش ئەوەی کەبەشان هەڵبگیرێیت ببرێیتە مزگەوت بۆئەوەی نوێژت لەسەر بکرێت چونکە لەو کاتەدا نەماڵ ونەبازرگانی ونەپلەو پایەو نەکاری دنیایت کەسەرقاڵی کردویت لەوەڵامدانەوەی بانگخوازی خوایی سودت پێناگەیەنن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

وەئــەو کەســانەش کەبەشــەرمی دەزانــن لەمزگەوتــدا ببینــرێن پێویــستە بزانێــت کەمزگــەوت قوتابخانــەی ڕاســتەقینەیەکەوانەی پــەروەردەیی تیــا دەخوێنرێــت وەهــەر مزگەوتــە ئــەو زانکۆیــەی کــەپیاوی ئـازاو مـەردی تیادەردەچێت وموسڵمانان هێزو دەسەڵاتیان وترسیان لــەدڵی دوژمنەکانیانــدا نابێــت تانەگەڕێنــەوە مزگــەوت ولەمزگەوتــەوە دەرنەپــەڕن هــەروەك چۆن پێشینەکانمان لێوەی دەرپەڕین تاڕێنمایی وڕاستی وڕووناکی بەهەموو جێیەکــدا بــڵاو بکەنــەوە ،وەبــاوو بــاپیری ئێمــە هەرلەمزگەوتــدا گــەورە بــوون وەکەڵــەزاناکانی میللەتەکـەمان پـەروەردەی مزگـەوت وحوجرەکـانن ئـیتر بۆچـی ئـەمڕۆ ئێمـە بەشـەرمی بـزانین ئەگـەر ڕووبکەینـە مزگەوتەکان ؟!!.

# لە کۆتـایی دا/

بــرای بــەڕێزم دوای ڕوونکردنــەوەی حــوکمی شــەرعی نوێـژی بەکۆمـەڵ و باسـکردنی خێـری ئـەم کـارە هـیچ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

بيانوويـــەك مـــاوە كەكەمتەرخـــەمی تيـــا بكـــەيت و دوا بكەويت لە مزگەوت.

بەڕێزان: ئەگەر فەرمانبەرێك لە يەكێك لە فەرمانگەكاندا ئـــيش بكـــات بـــەلاَم لـــە هەفتەيەكـــدا تـــەنها يـــەك ڕۆژ ئامادەبێت يان لە ساڵێكدا تەنها يەك مانگ ئامادە بێت بەهۆی تەمبەڵی و لەش قورسـی وگـوێ پـێ نەدانـەوە ، كاتێك بەڕێوەبەر يان بەرپرسەكەی داوای لـێ بكات كە ڕۆژانە دەوام بكات و ئامادە بێت داواكەی ڕەت بكاتەوە بـــە بيـــانوی ئـــەوەی ئـــەم لـــە ماڵـــەوە هەڵدەســـتێت بـــە ئيـشەكەی و پێويـست بـە ئامـادە بـوون و دەوام كـردن ناكات لە دائيرەكەی ئايا ئێوە چی دەڵێن بەرامبەر ئەم فەرمانبـەرە؟ ئايـا بـەرای ئێـوە هـەقی ئـەوەی نـی يـە لـە ئيشەكەی دەربكرێت و دووربخرێتەوە؟ دەی ڕاتان چی يە بەرامبەر موسوڵمانێك كەلە هەفتەيەكدا تەنها يەك ڕۆژ دێت بۆ مزگەوت كە ئەويش هەينی يە؟ يان لە ساڵێكدا تەنها مانگێك دەچێت كە ئەويش مانگی ڕەمەزانە؟ وە وا خۆی هەڵدەنێت كە ئەو فەرزەكانی لە ماڵەوە جێ بەجێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

دەكات ، ئايا بەڕاستی نازانن كە نزيك بێت لەوەی خوای گەورە لە ڕەحمی خۆی دووری بخاتەوە ئايا جياوازی ئەم دوو حاڵەتە چی يە؟ ئايا هيچ فەرمانبەرێك ڕۆژێك لە ڕۆژان بيری لەوە كردووەتەوە كە ئيش و كارە دنيايی يەكانی لە ماڵەوە جێ بەجێ بكات بە بێ دەوام كردن لە دائيرەكەی؟ دەی با بپرسين بۆچی زۆر موسوڵمان وا بير دەكەنەوە كە نوێژەكانيان لە ماڵەوە بكەن بەبێ ئامادە بوون لە شوێنگەی نوێژ كە مزگەوتە؟ هەموو بەيانی يەك و لەكاتێكی دياری كراودا فەرمانبەران لە ماڵ دەردەچن بەرەو ئيش و كارەكانيان و قوتابی يەكان ئەڕۆن بۆ قوتابخانەكان و شەقام و جادەكان دادەپۆشن و قەرەباڵغی يەكی زۆر دروست دەكەن بەلام كاتێك بانگ وێژێك بانگ دەكات بۆ نوێژ– بەتايبەتی نوێژی بەيانی– چەند كەسێكی كەم نەبێت ناچن بەدەمی يەوە ئايا هۆی ئەم كەمتەرخەمی يە چی بێت؟ ئايا هەق نی يە ڕێزی زياتر لە فەرمانەكانی خوای گەورە بگيرێت و زياتر گرنگی پێ بدرێت؟ جا برای موسوڵمان لەدوای ئەمانە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory

هــەمووی ئایــا ئــیتر هــەتا کــەی تەمبــەڵی و ســستی و دواکەوتن لە نوێژی بەکۆمەڵ؟

## وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory